
# چۆنیەتی شیککردنی کراسی درێژ و ئارایشتی قژ



لەو کاتەی کراسێکی درێژ، یان کراسێك بۆ بۆنە و یاد و زەماوەندێك هەڵدەبژێری، مانای ئەوە نییە کە کراسەکەت دەستکەوت، ئیدی کاری جوانکاریت تەواو بووە، چونکە لەگەڵ ئەو جلەدا پێویستت بە کەرەستەی جوانکاری و جلی دیکە دەبێت، هەروەها ئارایشتێکی نایابی قژیشت پێویستە، (بریدجیت براگر) پسپۆڕی جوانکاریی قژ دەڵێت: شێوەی ئارایشتی قژ بەندە بە کرانەوەی سینگ و شانەکانی کراس، لێرەوە زانیارییەکان دەربارەی چۆنیەتی شیککردنی کراسی درێژ و ئارایشتی قژ بزانە: ئەو کراسانەی کە ملیان بەرزە و تا بن گەردەن دەبێت، پێویستە لەو کاتەدا ئارایشتی قژی هەڵگیراوی تەواو بکەیت، تا کراس و ملت دەربکەوێت و بەمەش ملیشت کورت دەرناچێت. ئەو کراسانەی کە بەرۆکیان تێکەڵە بە نەخش و دیزان، یان شانەکانی دانەپۆشراوە، دەکرێت ئارایشتی پرچ لەسەر شانەکان بێت تا ئەو بەشە کرانەوەی سەر شانەکان پڕ بکاتەوە. کراسی سینگ و سەر شان داخراو، بۆ ئەو جۆرە کراسە دەتوانیت ئارایشتی کلکە ئەسپ دابنێیت، تا لە بەشی پشتەوە جوانی پرچت زیاتر دەربکەوێت. کراسی بەرۆك و سینك لە شێوە (V)، دەکرێت ئارایشتی پرچت گرنگی بە لا تەنیشتەکان و ئەو بڕە قژەی دەخرێتە پشت و دەوروبەری گوێچکە بدەیت، تا ناسکتر دەربکەویت. کراسی بەبێ شانەکان و سینگ کراوە، بۆ ئەو جۆرە کراسە دەتوانیت بەشێکی پرچت بخەیتە سەر شانەکان و یان سەر سینگت، تا جوانی پرچت شوێنی کراسەکە بگرێتەوە. ئەو کراسانەی کە بەشی پشتەوەیان کراوەیە، دەکرێت و دەبێت ئارایشتی قژت هەڵگیراو لە پشتەوە بێت، واتە ڕێگە بدەیت تا بەشی پشتەوە دەربکەوێت. ئەو کراسانەی کە سینگیان شێوە چوارگۆشەیە، دەکرێت ئارایشتی قژی شەپۆلی بۆ دابنرێت کە جوانترین مۆدە دەبێت.



# ڕێگاکانی پارێزگاریکردن لە ڕەنگ و مۆدی برۆکانت


چاو و برۆت، ڕووکەشی جوانی ڕووخسارتە، تا چەند چاوەکانت گەش و ئایلانەر و ماکیاژێکی جوانی بۆ بکەیت، زیاتر سەرنجڕاکێش دەبیت، هەروەها نابێ جوانی برۆشت لە بیر بکەیت، چونکە مەرج نییە هەموو کات چاوەکانت بە ماکیاژەوە بن، بۆیە پسپۆڕان چوار بنچینەی سەرەکییان بۆ پارێزگاری لە شێوەی برۆکانت داناوە و هەوڵبدە سوود لە زانیارییەکانی ئەو چوار بنچینەیە وەربگرە:

- نابێت لە کاتی ماکیاژکردن، توندی و هێز بەرامبەر مووی برۆکانت بەکاربهێنیت، چونکە زیان بە ڕەگەکانی دەگەیەنێت و بەمەش جوان نایەتەوە. هەروەها پێویستە ماوەی سێ هەفتە جارێك کاری چاککاری بۆ برۆکانت بکەیت.

- بەکارهێنانی کرێم و پرایمەر بۆ زیندوو هێشتنەوەی برۆکانت ئەرکێکی ڕۆژانەیە و پێویستە فەرامۆشی نەکەیت، وا چاکە بەر لە ماکیاژکردن یان پێش نووستن ئەو کارە بکەیت. هەروەها بەیانیان بە ئاوی شلەتین دەم و چاوت بشۆ تا برۆکانت زیاتر بە هێز بن.

- ڕەنگکردنی برۆ، پێویستە ڕەنگی برۆ و قژت لە یەکتر نزیك بن و بەیەکەوە بن، یان هاوڕەنگ بن، یان ڕەنگەکانیان لە یەکتر نزیك بێت، هەوڵدە ئەوەش بە قەڵەم یان پۆدرەی سادە بەکار بهێنە، هەروەها گرنگی بدە بە بەشی ناوەوەی برۆکانت، ئەوەی لەلای لووت نزیکە و با زیاتر تۆختر بێت تا شێوەیەکی سرووشتی بە برۆ و ڕەنگی قژ و ڕوخسارت بدەیت.

- لە شوێنی کەشی گەرم، هەوڵبدە جەلی لە برۆکانت بدەیت، چونکە کەشی گەرما کاریگەری لەسەر ماکیاژەکەی سەر برۆکانت دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی تێکچوونی شێواز و ستایلی برۆت، دانانی جەلی دەبێتە هۆکارێك بۆ جێگیرکردنی داوەکانی برۆت و هەروەها پارێزگاری لە ڕەنگی برۆکانیشت دەکات.





# لە هەڵبژاردنی ملوانکە کارامە بە


ئێکسسوارەکانی لە کەرەستەکانی جوانکارین تا رازاوەتر و ناسکترت نیشان بدەن، دەتوانیت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی چەند خشلێك گۆڕانکاری لە تەواوی شێوە و جوانیت بکەیت. مارکەی (سوارۆڤسکی)، سەرچاوەی چەندین خشل و ئێکسسواری جۆراوجۆرە، نایابترینیان بریتییە لەو کۆمەڵە ملوانکەی کە لە ژێر ناوی (راەین بەو پارادایس - Rain-bow Paradise)، بڵاوکراوەتەوە، جوانیی ئەو جۆرە ماکیاژە کە هاوشێوەی پەلکە زێڕینەیە، جگە لەوەی شێوەی وەك پەلکە زێڕینە وایە، هەروەها هەمان ڕەنگەکانیشی وەرگرتووە، کە لە ڕێگەی شیککردنی هێماکانی ڕێگەی (ئەورۆگامی و گوڵی ئۆرکیدە)ی سێ ڕەهەندی دیزاینی بۆ کراوە. بەشێکی دیکەیان لە هەمان ڕەنگی جۆراوجۆرە، بەڵام شێوەی مانگی پێوە دیارە. هەروەها گۆڕانکاری لە ڕەنگەکانیشی پێوە دیارە، کە دەکرێت لە ڕەنگەکانی زەردی شێوەی هەنگ و شین و مۆڕ ڕەنگدانەوەی زیاتری پێوە دیارە. ئەو جۆرە ملوانکەیە، دەکرێت بۆ کاتی دەوام و زانکۆ و ماڵەوە و دەرچوونیش لە مل بکرێن، چاکترە لەگەڵ ڕەنگی جلوبەرگ ڕێکبخرێن بەمەش مۆدێکی نایاب نیشان دەدات.





# پووت بۆ خانمانی بووک

بەشێکی زۆری ئافرەتان حەز بە لەپێ کردنی پووت و پێڵاوی بەرز دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی کە بەشێکی زۆری پێیەکان دادەپۆشن، تەنانەت لە زۆربەی کاتی دەوام و دەرچوون و زانکۆ لە پێی دەکەن، بەم جۆرە لەگەڵ ئەو جۆرە پێڵاوانە رادێن و بەمەش ناتوانن دەستبەرداری بن، بۆیە دەتوانن لە ڕۆژی بووکێنی و یاد و بۆنەی تایبەتیش پێڵاوی شێوە پووت لە پێ بکەن، چونکە ئێستا زۆربەی مارکەکانی جیهان پێڵاوی پووتیان بۆ خانمانی بووك ئامادە کردووە، کە بریتییە لە پووتی درێژ، یان کورت و مامناوەندی، دەکرێت بەپێی کراسی بووکەوە ڕێکبخرێت، جگە لەوەش وەك پێڵاوێك بۆ کەشی سەرما بەکاردەهێنرێت، تا بووکەخان سەرمای نەبێت و قاچەکانی نەتەزێت. مارکەی (Jumpsuit) لە مۆدە تازەکانی پێڵاوی بووك، جەختیان خستۆتە سەر پێڵاوی شێوە پووت بۆ خانمانی بووك، کە مۆدێکی ناوازەو ناسکی پێوە دیارە و لە دوو ڕەنگ پێکهاتووە، یەکێکیان سپی و ئەوەی دیکەش شەکەری، کە هەر یەکێك لەو ڕەنگانە لەگەڵ ڕەنگی جلی بووك ڕێکدەخرێت.







# له نمایشكارییەوە بۆ بەخێوكردنی مەڕ و ماڵات

دوای ئەوەی لە بواری نمایشکاری و فاشیۆندا، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و وەك ئەستێرەیەك لە بوارەکەی خۆیدا سەرکەوت، کەچی دڵخۆشی رووی تێنەکردبوو، هەر بۆیە بە ئاسانی و لە شەو و رۆژێکدا دەستبەرداری نمایشکاری دەبێت و بەرەو کێڵگە بچووکەکەی دەچێت و دەست دەکات بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، ئەوەیە چیرۆکی ژیانی نمایشکاری تورکی (بیلۆن دەهمەن)، کە لەدایکبووی گوندێکی بچووکی وڵاتی تورکیایە بە ناوی (گۆندۆگان)، دوای ئەوەی روو لە بواری نمایشکاری دەکات، بەڵام هەستی هەر بۆ گوندەکەی خۆی دەچێت و بەمەش دوای چەندین ساڵ لە کاری نمایشکاری، دڵی بەو ژیانە سادە و خۆشەی گوند خۆشترە لەوەی لەسەر ستێجی نمایش بێت و بچێت، وەك خۆی دەڵێ: کاتێك یەکێك لە مریشکەکانم هێلکەیەك دەکەن، وادەزانم هەموو دنیا هی منە، ئێستاش خاوەن کێڵگەیەکی تایبەت بە خۆمم و رۆژانەی ژیانم بە خۆشترین کاتدا تێدەپەڕێت و لەو جەنجاڵییەی شار و نمایشکاری بە دوورم.



# زانیاری و وێنەی راستەقینەی کەشتی تەیتانیک


تەیتانیك، ئەو کارەساتەیە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەبیر ناچێتەوەو یەکێکە لە گەورەترین کارەساتەکانی سەدەی (٢٠)، چونکە گەورەترین کەشتیی ئەو سەردەمە بووە و بە پتەوی و ژیرانە دروست کرابوو، کەچی نەیتوانی بەرەنگاری هێزی سادەی ئاو ببێتەوە، لە یەکەم گەشتی لە (١٢)ی (٤)ی (١٩١٢) بەهۆی زۆریی تەمەوە خۆی لە چیایەکی بەستەڵەکی نێو زەریای ئەتەڵەسی دەدات، کە تەنیا (٣٧) چرکەی خایاندووە و بەبێ ئاگاداری تیمەکەی ئەو خۆلێدانە روویداوە، دوای ئەوەی کارەساتەکە رووەدات، ئەو کەشتییە بە ناوی (تیتان) کراوە، کە بە (میسۆلۆجیا) ناسراوە، لە یەکەی کەناری دەریاییدا بە کۆدی (P138)، کە خاوەنەکەی (وایت ستار لاین) بووە، کارپێکەری ئەو کەشتییە ناوی (هارلاند ئەند وۆلف) بووە، کەشتییەکەش لە ساڵی (١٩٠٨) دروست کراوە، کێشی (٥٢) تەن بووە و درێژییەکەی (٢٦١) مەتر و پانیشی (٢٨) مەتر بووە، بەرزی ئەو کەشتییە (٥٣) مەتر بووە، هێزی بزوێنەرە هەڵمییەکانی (٤٦٠٠٠) ئەسپ بووە، هەروەها هێزی پاڵەپەستۆی تۆڕبینەکانی دەگەیشتە (١٦٠٠٠) هێزی ئەسپ. ژمارەی سەرنشینەکانی (٢٢٢٣) کەس بوون و تەنیا (٧٠٦) کەسیان رزگاربوون و زیاتر لە (١٥١٧) کەستان مردن، تێچووی دروستکردنی (٨) ملیۆن دۆلاری ئەو سەردەمە بووە، تەنیا لە نێو ئاوەکەدا (٣١٦) تەرم دۆزراوەتەوە، ئەو کارەساتە کراوەتە فیلم و داهاتەکەی (٢) ملیار و (١٨٧) ملیۆن دۆلار بووە.



# قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی لێخوڕینی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاغ

ڕەنگە سواربوونی پشتی گوێدرێژ کارێکی نەخوازراو بێت، بەتایبەت ئەوانەی ڕۆژانەی ژیانیان لەسەر بەکارهێنانی ئاژەڵاندا بێت، تەنانەت زۆربەشمان نازانین چۆن ڕەشەوڵاغ و ئەسپ و گوێدرێژ لێبخوڕن، چونکە لێخوڕینی ئەو ئاژەڵانەش لێهاتوویی و زانینی دەوێت، هەر بۆیە لە گوندێکی وڵاتی فەڕەنسا قوتابخانەیەکی تایبەتیان بۆ فێربوونی لێخوڕینی ئاژەڵی خۆماڵی داناوە، کە لەلایەن کۆمەڵەی جووتیارانی ئەو وڵاتەوە لە گوندی (ڤلینۆڤ سور لۆت) کراوەتەوە، کە سەر بە هەرێمی (لۆت ئی گارۆن)ە و دەکەوێتە باشووری ئەو وڵاتە. لەم قوتابخانەیەدا چەندین ئاستی فێربوون هەن، کە دابەشکراون بەسەر چەندین خولی جیاوازدا، هەر خولێك (١٣) ڕۆژە، تا بەتەواوی فێری لێخوڕین و کۆنترۆڵکردنی ئاژەڵان دەبیت، پاشان ڕێگەی پێدەدرێت، ئەو ئاژەڵانە لێبخوڕێت، سەرەتا خولەکە بۆ ئەو کەسانە بوو کە خاوەن کێڵگە و کاری ئاژەڵداری بوون، بەڵام دواتر لەلایەن هەواداران و خەڵکی ئاسایی بەشدارییان لە خولەکانی فێربوونی کۆنترۆڵکردنی ئاژەڵاندا کرد.






# بۆ زانیاریت

### کەسانی زیرەك چۆن لە ژیان دەگەن


ژمارەیەك توێژینەوە هەیە کە پەیوەندییان دروستکردوە لە نێوان زیرەکی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خەمۆکی. لە زۆر باردا بیر لەو شتانە دەکەیتەوە کە تووشی خەمۆکیت دەکەن، بیر لە جیهانێکی نادادپەروەر دەکەیتەوە، یان لە چ ماوەیەکی ژیاندا دەتوانی هەموو ئەو شتانە بە دەست بێنیت کە دەتەوێن، کات چەند خێرا تێپەڕ دەبێت. و چەندین هۆی دیکە کە وات لێ دەکەن هەست بە خەمۆکی بکەیت. ئەو شتانەی کە تووشی خەندەت دەکەن کەمن، بەڵام ئەو کەسانەی خاوەن زیرەکی ئاسایین زۆر هەست بە وەڕەسی ناکەن و بە زۆر شت پێدەکەنن، زۆر شتیش تووشی پێکەنینیان دەکات. بەڵام ئەو کەسانەی ئاستی زیرەکییان بەرزە، ئەوا پێکەنینیان سنووردارە و بە کەمی بەهۆی شتەکانی دەروبەرەوە پێدەکەنن، تا رادەیەکی ناوەند یا زۆریش مۆنی لە ڕووخساریان هەیە. بە ئاسانی لێت تێناگەن، کەسانی دەوروبەری و کەسانی ئاسایی بە گرانی لێی تێدەگەن، هەندێ جار پێویستە بابەتێك زیاتر لە جارێك دووبارە بکەیتەوە بۆیان، هەندێك لە وشەکان و دەربڕینی رستەکانت گران دەبێت بۆیان، لەوانەیە مانایەکی زۆر لە چەند دێڕێکدا لێکبداتەوە. بە تێپەڕینی کات لە کۆمەڵگە وەڕەس دەبێت، بە تێپەڕینی کات وزەی لە گفتوگۆی سەروو ئاسایی و قسەکردن کەم دەبێتەوە، دەبینی وەڕەس بووە لە هەندێك شت سەبارەت بە خەڵکی دەوروبەری، لەوانەیە لە هەندێ شتدا قاوی بێت، هەمووان هەموو ئەو جارانە دێننەوە یادیان کە تۆ هەڵەت تێدا کردوە. هەتا ئاستی زیرەکیت لە ناو کۆمەڵگە زیاتر دەربکەوێت، ئەوا هەڵەکانیشت بە زەقتری سەیریان دەکرێت و زیاتر سەرنج دەخرێتەوە سەریان و باسیان دەکرێت، بۆیە ئەگەر هاتوو خۆت زۆر پێ زیرەکتر بوو لە کەسانی دەوروبەرت، ئەوا بچووکترین هەڵە نابێ بکەیت. هەمیشە هەستی ئەوەت هەیە کە دەڵێیت ئەبێ شتێکی مەزن ئەنجام بدەم. زۆرکات لە کارەکانت رازی نیت، هەمیشە ئارەزوو لە کردنی شتی مەزن دەکەیت، وا هەست دەکەیت ئەم زیرەکییە بەرپرسیارییە لەسەرت و هەست دەکەیت رۆژانێکی زۆر لە ژیانی خۆت بەفیرۆ دەدەیت، ئەو رۆژانەی تێیدا رادەبوێری، یا شتێکی بەسوودی تێدا ئەنجام نادەیت. لایەنی سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر خەڵك لە کەسە زیرەکەکان تا رادەیەك لاوازە.





## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی ناوازەیە، باس لە جیاوازیی جیلی کۆن و ئێستا دەکات، کە کەسێکی بە تەمەن کتێبێك دەخوێنێتەوە و منداڵێکیش کە جیلی سەردەمە گوێی لە مۆبایل گرتووە، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە پیاوەکە قسە دەکات و منداڵەکەش تەنیا گوێگرە، ئەوەش مانای ئەوە دەدات کە کتێب باشترە لە ئامێرەکانی مۆبایل.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك ئۆتۆمبێل هەن، ئۆتۆمبێلە شینەکە دەیەوێت دەربچێت، چەند هەنگاوی لادانی ئۆتۆمبێلەکانی دیکەی پێویستە تا ڕێگەی ئۆتۆمبێلە شینەکە بکرێتەوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

پێویستە هەموو هەوڵەکانت بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆت بێت، پێویست ناکات خۆت بخەیتە نێو کاری کەسانی دیکە، چونکە چەند جار ئەو کارەت کردووە و بە خراپە بۆت هاتەوە. کارەکانت بە جوانی بەڕێ بکە و ئامانج و هەنگاوەکانت فەرامۆش مەکە و ژیانی خۆت بۆ کەسێکی ناشایستە تێك مەدە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەر هەنگاوێك دەهاویژیت پێویستە پێشبینی داهاتووی بکەیت، ئەگەرچی داهاتووەکان دیار نین، بەڵام دەبێ ئەگەرەکان دابنێیت، نەوەك لە ئەنجامی کارەکانت تووشی شۆك بیت، لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا هاوسۆزن و هەوڵبدە زیاتر بەیەکەوە بن و سوود لە هاوکاریی یەکتر وەربگرن.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

وا هەست دەکەیت کەسێکی بێ بەختی و کارەکانت بە دڵی خۆت نابن، دەبێ بە کارەکانتدا بچیتەوە و بزانیت هەڵە و کێشەکان چین، لە ماوەی ڕابردوودا چەد گرفتێکت بۆت دروست بوو، دڵتەنگ مەبە و لە داهاتوودا چارەسەر دەبن، هەست بە کەسێك دەکەیت، بەڵام ئەو هەستی بۆت نییە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


کەسێکی ژیری لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەرت، بەڵام لە چارەسەری کێشەکانت سەرکەوتوو نابیت و زۆر جار کێشەکانت بە لوتکە دەگەن و تۆش دەستەوەستان دەبیت، بڕیارەکانت بۆ داهاتوو هەنگاوێکی سەرکەوتووە، بەڵام مەهێڵە ئەو کەسەت لە دەست بچێت کە لە مێژە لە دڵتە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کاتێك بیر لەو کەسە دەکەیتەوە، نابێ کەسێکی دیکە بکەیتە قوربانی، ئەو کەسەی ئێستا لە هەموو ژیانت بەشدارە و یارمەتیت دەدات، ڕابردوو لە بیر بکە و بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێ، لە بواری دڵت و سۆزداریدا بڕیارەکانت شایستە و بوێرن، کەسایەتیت فەرامۆش مەکە و متمانەت بە خۆت بێت.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کارێك مەکە دواتر لێی پەشیمان ببیتەوە، پێویستە سەرەتا بیر لە هەنگاوەکانت بکەیتەوە، تەنانەت ئەگەر کارەکەش بە خێرایی بۆت هات، هەوڵبدە پەلەی لێ نەکەیت، تا تووشی کێشە و گرفت نەبیتەوە، ناخۆشیت لەگەڵ ئەو کەسە خۆشەویستەت مانای ئەوە نییە لێی دوور بکەویتەوە، ئەو لە مەبەستەکانت تێناگات.



## پەند و وتە

گالیلۆ گالیلی، سەنتەری چارەسەری گواستنەوەی نێوان فەلسەفەی سرووشتی بۆ زانستی مۆدێرن، لە ساڵی (١٥٦٤) لە شاری پیسای ئیتاڵیا لەدایکبووە و لە ساڵی (١٦٤٢) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هێز و عەقڵ دەڵێ: لەلایەنی زانستییەوە، هێز و دەسەڵاتی هەزار کەس ناگات بە زیرەکی و دانایی عەقڵی تاکە کەسێك.



## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە!



## نوکتە

مندالێك باوکی پۆلیسی هاتوچۆ دەبێت، لێی دەپرسن، باوکت چ ئیش دەکا؟ ئەویش دەڵێ باوکم زۆر گەورەیە، دیسانەوە دەڵێن چۆن گەورەیە؟ وەزیرە؟ دەڵێ نا کاری زیاتری بە دەستە. دەڵێن: سەربازە؟ دەڵێ نا. دەڵێن ئەی چییە؟ دەڵێ: کە فیتویەك لێدەدات هەموو ئۆتۆمبێلێک بۆی دەوەستن!




## هۆتێل و پاسێکی دوو نهۆمی

مەرج نییە هۆتێلەکان تەنیا لە باڵەخانەی بەرز و پڕ نهۆم بن، هەندێ جار بیرۆکەیەکی سادە پرۆژەیەکی گەورەی لێدەردەچێت، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە بیرۆکەکانی ئافرەتێکی بەریتانی بە ناوی (سوزان وایت) کە تەمەنی (٥٣) ساڵە و لەگەڵ هاوسەرەکەی بە ناوی (فیلیب)، بوونە خاوەن سەیرترین هۆتێل، کە هۆتێلەکەیان بریتییە لە پاسێکی دوو نهۆمی، بیرۆکەکەیان بەم جۆرە بوو کاتێك پاسێکی دوو نهۆمی کۆنی مۆدێل (١٩٦٩)یان دۆزییەوە و بیریان بۆ ئەوە چوو کە بیکەن بە هۆتێلێك، دوای تێچووی (٨٠) هەزار دۆلار، ئێستا پاسەکە بۆتە هۆتێلێکی ناوازە، هەموو کەسێك دەتوانێت لە نێو ئەو پاسەدا بخەوێت و گەشتێکیش بکات، نرخی مانەوەی هەر شەوێك لەو نێو ئەو پاسەدا بە (٤٠٠) یۆریە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دڵی کەسێکت لە خۆت زویر کردووە و هەوڵبدە لەگەڵی ئاشت بیبیتەوە و مەهێڵە ناکۆکیتان بگاتە ئەو ئاستە، بیری کەسێك دەکەیت، بەڵام سوودی نییە ئەو کارەت، هەوڵبدە بە یەکجاری لە بیری بکەیت، یارمەتی کەسانی ماڵەوەت بدە و بیر لە چارەسەری کێشەکانت بکەرەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستت بە کەسێکە تا لە ناخ و بیروڕات تێبگات، هەست بە ناخی کەسانی دیکە دەکەیت، بەڵام ڕێگە نادەیت کەسانی دیکە یارمەتیت بدەن، هەنگاوێك مەهاوێژە کە لێی دڵنیا نیت، بەر لە هەر کارێك راوێژ بەو کەسە بکە کە لەلات گرنگ و خۆشەویستە، دڵنیابە لە داهاتووت بەرەو چاکی دەچێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و کاتێکت پێویستە کە پشوو بدەیت، زۆربەی کاتەکانت بە کار و گرفتەکان بەسەر دەبەیت، پێویست ناکات ئەوەندە بە وردی لە ژیان بڕوانیت و داهاتووشت نادیار بێت، کەسێك نیازی وایە یارمەتیت بدات و کارەکانت بۆ ئاسان بکات، ڕێگەی بدە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

مەهێڵە چارەنووست بە دەست کەسێکی دیکەوە بێت، سەرەتا دەبێ داهاتووی خۆت دیار بکەیت و پاشان ڕێگەی ئەو کەسە بدە کە بتوانێ بێتە ناو ژیانت، بڕیارەکانت ژیرانەیە، بەڵام ئەنجامەکیان بە دڵی خۆت نین، پێویستە هەوڵی زیاتر بدەیت، هەستی کەسانی دیکە بریندار مەکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هاوخەمیت بۆ کەسێکی نزیکی خۆت، مانای وەفا و ڕێزگرتنە لەو کەسە، بەڵام ئەو وا لێت تێناگات، چونکە تۆ هەستت بۆی دەرنابڕی، داهاتووی ژیانت بەرەو گۆڕانکاری دەچێ و بیرکردنەوەت جێگیرە، پێویستیت بە کەسێکە تا لە هەنگاوەکانت یارمەتیت بدات و ڕێگەت بۆ دیار بکات.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەبەردەم خەون و ئاواتی کەسانی دیکە مەوەستە و گرنگی بە کارەکانی خۆت بدە، لە داهاتوودا لەگەڵ کەسێکی نزیکدا چەندین کاری هاوبەشی جوان ئەنجام دەدەن، کەسێك نیازی وایە لە کارەکەت کێشەت بۆت دروست بکات و تۆش ئاگاداری، ڕێگەی داهاتووت بەرەو خۆشی و سەرکەوتن دەچێت.